# کەرکووك داوای کورد ئەکات

دلێر محمود سابیر

کەرکوك زۆر لە مێژە زمانی گرتووە ,زمانی پاراوی کوردیەك کە فەرهەنگێکی هەموو ووشەکانی زمانەوانی دنیای تیادا کۆ بۆتەوە , کەرکووك هەر خۆی بە تەنها فەرهەنگێکە پڕە لە ئازاری دەستی ناحەزو چاو برسیەکان کە دەیان ساڵە ئەی چەوسێننەوە کانزای ناو هەناوی بە تالان دەبەن بۆیە گڕی عەشقەکەی کەرکوك بۆ شاد بوونەوەی بە کورد هەر لە بڵێسەدایە ,بۆیە هەمیشە واى پێ خۆشە چمکی ئەو ئاگرە بکەوێتەوە دەست کورد تا ئەوانەی پێ بسوتێنێ کە ساڵەهایە ئازاری بە دەستیان خواردووە .هێشتا ساوایەکی پێ ڕاوکە نەکردوو بوو کە لە سنگی دایکی دڵ سوتاویان کردەوە و ناوو مێژوو کلتوورو تەنانەت ویستیان فەرهەنگە پیرۆزەکەی بگۆڕن بەڵام خۆی نەدا بە دەستەوە هەر بەناوی خۆی مایەوە و چاوی بڕییوە سیمای بەرزی کوردستان و فرمێسکی ڕەشی ئەڕشت بۆی ,خۆی بە لاواز نیشان نەدا نەکا دوژمن وا تێ بگات کورد لاوازو بێ توانایە .

زووتر کەرکوك و هەموو نەوتی عێراق بە دەست کارخانەکانی بێگانەوە ئەدزراو هیچ ڕۆشناییەکی نەئەدا بە ئایندەی عێراق و ئەوە خۆ کوردستان هەر هیچ مافێکی بۆ نەبوو ناوی بەرێ , هەرچەندە ڕژێمە دزو تالانیەکەی بەغدای پێشوو کە گۆڕ نراوە بە بڕیارێکی پڕ لە موغامەرەو چەقۆ لە مل هەڵسوون توانی هەموو کارخانەکانی بێگانە لە ژێر ناوی تاءمیمی نەوتا بگەڕێنێتەوە ژێر ڕکێفی باخەڵی تایبەتی خۆی بەڵام ئەمە ئەوەندەی تر چارەنووسی کەرکووك و پاشە ڕۆژی ئەو شارە پڕ لە ئازارەی نا دیارتر کرد بەوەی کە ناوی نا پارێزگاری تاءمیم تا دایك کۆرپەی خۆی نەناسێتەوە دوا ڕۆژ کەچی داواو و هاواری کەرکوك بۆ هاتنەوەی بۆ باوەشی کوردستان ئەوەندەی تر ژێر پێی ڕژێمی سەرمایەداری چاوچنۆکی لەق کردو ڕۆژی بە یەك شاد بوونەوەی دایکو کۆرپە فڕێنراوەکەی تا ئەهات لە یەکتر نزیك ختسەوە تا ڕۆژی گەیشتووە بەم ڕۆژە کە لە ململانێی سیاسیدا ووتو وێژی لە سەر ئەکرێ هەوڵ دانێکی زۆر لە ئارادایە بۆ دەرکردنەوەی شەهادەی میلاد و بەیانی ولادەکەی چونکە کەرکوك هێندە بە پەرۆشەوە گەرووی کردۆتەوە هاوارمان بۆ ئەکات:

وەرن ئەی کورد بمگرنە ئامێزی گەرمتان , وەرن پەلم بگرن و دەست بکەنە ملم با لە هەوای بێ گەردی کوردستان پاراو بم ,وەرن چیرۆکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە ,نیازی دڵی خۆمتان بۆ دەربڕم , ئەی من ئەوعاشقە نیم کە شەیدای بەفرو ڕەشەباکەی سلێمانیم و گڕەکەم دەهێنێ و دەبا ؟ ئەی نازانن دەیان ساڵە من گوێ بیستی بانگی بەیانیانی مزگەوتەکانی شاری قەڵاو مەنارە نیم؟ وەرن گەر منتان خۆش ئەوێ , لەوە زیاتر دوورە پەرێز ڕامەوەستن , من هەموو لاپەڕەکانی ژینم گریانە بۆ ئێوە ,من تێکڕای ڕۆژەکان چاوم لێك نەناوە تا بتان بینم و ئەو ساتە بکەمە ڕۆژی لە دایك بوونم کە بۆ یەکەم جار خۆم لە باوەشی دایکی خۆشەویستمدا ئەبینمەوە , من ئەو کاتە گەورە ئەبم کە دوژمن دەست بەردارم ئەبن وجارێکی تر بەرۆکم پێ ناگرنەوە , من بە ڕوو سوریەوە چاوم بڕیوەتە ئەو ئازادی و سەروەریەی دەستە بالایە لە کوردستان .

ئای چەند گەورە ئەبم کە ئەبینم هەر کوردێك سەردانم ئەکات یان بەلاما تێ دەپەڕێ ,, من ئەو ساتە سەرم سەد ئەوەندە بەرەو ئاسمان بڵند تر ئەکەم کە ئەبینم کورد ڕووم تێ دەکات ئەگەر دەنگم هەڵبڕم پڕ بە دنیا هاوار ئەکەم من کوردستانیم ,, کوا باڵەکانم کوا دەمارەکانی لەشم کە لێتان دابڕیوم ؟ ئێوە منتان لە دایکێك دابڕیوە بە قورسایی دنیا سۆزو خۆشەویستی منی لە ناخدا گل داوەتەوە ,, هێشتا پەل و باڵیشم ئەکەن ؟! دە وەرنەوە سنوورە دەستکردەکەم و نەخشە گلاوەکەی دوژمن هەڵوەشێننەوە و کۆڵ مەدەن من ئەمەوێ بێمەوە من حەز ئەکەم بە دیدارتان شاد ببمەوە هەرچەندە ئێوەش درێغیتان نەکردووە , لە هەموو زەمەنێکا بازوی کوردایەتیتان و زەبری کوشندەتان و دەنگی دلێرتان و هەڵمەتی پڕ لە نەبەردیتان لە پێناوی وە چنگ کەوتنەوەی مندا گەلێ کارەساتی هێنایە ڕێتان.

بەڵام دڵنیا بن من دەبمە مایەی خێرو خۆشی و زەماوەندی سەرفرازی بۆتان و هەموو ئەو ژیانە سەختە پڕ لە ئازارەتان لە بیر ئەبەمەوە شێرانە هاتوون بە دەنگمەوە بەڵام نەکەن بە دوو بەڵێنی نادرووست ئەمجارەش بێنە چۆك و بڕوایان پێ بکەن , بازوی مەردانەی لێ هەڵکەن وەرن تو خوا بم بەنەوە بۆ بەر دەمی مەمەی دایە تا کۆرپەکەی خۆی بناسێ و نەتوانێ دەست بەرداری بێ ,, من کەرکووکم دە وەرن سا ئازادم کەن لە کۆتی ئەم دڕندانە ,تو خوا بۆ تاقە جارێکیش شەوێك وەرن با پێکەوە ئاهەنگێکی نەورۆز ساز کەین با ڕێکی خەین ئەم بەهارە بێ , بە ڕاست ئێوە بیستوتانە من هەموو ساڵێك بە دزی یەوە شەوانی نەورۆز تەوژمی گڕی دەروونم زیاد ئەکەم ئەزانن بۆ ؟ بێ ئەوەی ڕژێم هەست بکات ئەوە ئاهەنگی تایبەتی وتەنهاییمە چونکە هەموو ساڵێك جارێ نەورۆز سەرێکم لێ ئەدات و پێکەوە زەماوەندێکیش ساز ئەکەین .

من کەرکووکم من تازە عەشق و دڵداری خۆی خزانۆتە جەستەم و داوای دایە کوردستانم لێ ئەکات ,من شەوی خۆشیم نەدیوە , وەرن دەبا بۆتان باس کەم دڕندەکان بە ڕوناکی ئاگری من شەویان لە خەڵکی دەڤەرم زڕاندووە ,منیان بۆ تالاّنی ئەوێ من بۆ گیرفان پڕ کردن وبازرگانی و دزی ئەوێ ,, ئاخ بۆ خەوێکی ئارامی لە گەڵ دەستە خوشکەکانم ,,سلێمانی ,هەولێر دهۆك ,, گوندەکانی دە وەرنەوە سەری مەستم بنێم بە سنگە سپییەکەی شاری بەفرو قیبلەی کوردان.